إقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة للتعليم الإعدادي
مديرية التعليم الأعدادية

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Education

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی
بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی ئامادەیی

No: ژمارە: ١١٠٩٣
Date: ٢٠١٣/ ٦ / ٥ ڕێکەوت: / جۆزەردان/٢٧١٣ کوردی ١٥

**بۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر – سلێمانی – دهۆك – گەرمیان – بەشی خوێندنی کوردی کەرکوك**

**ب / ڕێنمایی**

بۆ مەبەستی دابەش کردنی مامۆستایانی تازە دامەزراو و گواستنەوەیان و گۆڕینی ناونیشانی ئەو فەرمانبەرانەی کە لە وەزارەتەکانی تر دەگوازرێنەوە بۆ سەر میلاکی وەزارەتەکەمان وەك مامۆستا و ئەو فەرمانبەرانەی لە وەزارەتەکەمان خوێندن تەواو دەکەن وە ڕێکخستنی میلاکی قوتابخانە و خوێندگاکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بە هاوپێچ ئەم ڕێنماییانەتان بۆ ڕەوانە دەکەین ، بە وردی کار بە ناوەڕۆکەکەی بکەن لە بەرواری دەرچوونی...لەگەڵ ڕێزمان .

**هاوپێچ :**

- **ڕێنماییەکان بریتی یە لە (١١) لاپەڕە .**
- **فۆرمێکی بازنەیی تایبەت بە چۆنیەتی دابەش کردنی مامۆستایان .**

**د.عصمت محمد خالد**
**وەزیری پەروەردە**

احمد سمایل رحمان احمد گلالی
بەڕێوەبەری گشتی ئامادەیی و پیشەیی

وێنەیەك بۆ :-
- نووسینگەی تایبەت / لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە / ( ... لەگەڵ ڕێزدا )
- ب. میلاکات . لەگەڵ ڕێزدا .
- ب. فێرکردنی ئامادەیی / لەگەڵ هاوپێچ .
- خولاو .

ب.ف. ئامادەیی / کریم لطیف

## ١- دامەزراندن بۆ قۆناغی ئامادەیی :

أ- سەرەتا دەرچووانی کۆلێژی پەروەردە سەرجەم بەشەکانی بەپێی پێویستی پەروەردەکان لە پسپۆری پێویست ، پێوەری پێشبرکێ (منافسە) بەرزترین نمرەی دەرچوونە.

ب-دوای تەواو بوونی دەرچووانی کۆلێژی پەروەردە دەرچووانی کۆلێژەکانی تر دادەمەزرێن بەپێ ی پێویستی پەروەردەکان ، پێوەریش بۆ دامەزراندن پێشبرکێ و دیاری کردنی شوێنی دامەزراندن و بەرزترین نمرەی دەرچوونە، کۆلێژەکان دەبێت لەم پسپۆریانەی خوارەوە :

- کۆلێژی زانست گشت پسپۆرییەکان جگە لە بەشی (جیۆلۆجی و ژینگە) بەپێ ی پسپۆری پێویست و پێشبرکێی نمرەی دەرچوون.
- دەرچوانی کۆلێژی پەروەردە و ئەدەبیات پسپۆری (دەروون زانی و کۆمەڵناسی) دادەمەزرێن بە مامۆستا بە مەرجێك کاری توێژەری کۆمەلایەتی بکەن لە قوتابخانە و خوێندنگاکان بەپێی پێویستی و پێشبرکێی نمرەی دەرچوون.
- کۆلێژی پەروەردەی وەرزش بەپێ ی پسپۆری پێویست و پێشبرکێی نمرەی دەرچوون.
- 
- کۆلێژی زمان(کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) زمانەکانی تر بەپێی پسپۆری پێویست و پێشبرکێی نمرەی دەرچوون..
- کۆلێژی ئەدەبیات گشت پسپۆریەکان جگە لە (بەشی کۆمەڵناسی و راگەیاندن) بەپێ ی پسپۆری پێویست و پێشبرکێی نمرەی دەرچوون.
- کۆلێژەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەپێ ی پسپۆری پێویست و پێشبرکێی نمرەی دەرچوون.
- کۆلێژی هونەرەجوانەکان گشت پسپۆریەکان بەپێ ی پسپۆری پێویست و پێشبرکێی نمرەی دەرچوون.
- کۆلێژی کارگێری و ئابووری تەنها بەشی (ئابووری) بەپێ ی پێویستی پسپۆریەکە.
- دەرچوانی کۆلێژەکانی پسپۆری کۆمپیوتەر بەپێی پێویستی پسپۆری پێویست و پێشبرکێی نمرەی دەرچوون.

● کۆلێژی ( کشتوکاڵ – تەکنیکی – ئەندازیاری – کۆمپیتەر – بازرگانی ) بەپێ ی پێویستی وەکو (مامۆستای پیشەیی) بۆ ئامادەییە پیشەییەکان و بەشەکانی پەروەردەیی پیشەیی بەپێ ی پێویستی پسپۆریەکان .

● جگە لەو پسپۆریانەی لەسەرەوە دیاری کراون ناکرێن بە مامۆستای ئامادەیی ، بەڵام ئەگەر لە پەروەردە دوورەکان پێویست بوو دەرچوانی کۆلێژی بنیات دادەمەزرێن بەپێی پێویستی قوتابخانە و خوێندنگاکان بۆ ماوەیەکی کاتی تاکو پسپۆری پێویستی خۆی بۆ دابین دەکرێت .

## ٢- دامەزراندن بۆ قۆناغی بنەرتی :

أ- سەرەتا دەرچووانی کۆلێژی پەروەردەی بنیات و بنەرت سەرجەم بەشەکانی دادەمەزرێن بەپێی پێویستی پەروەردەکان لە پسپۆری پێویست ، پێوەری پێشبرکێ (منافسه) بەرزترین نمرەی دەرچوونە.

ب- دوای تەواو بوونی دەرچووانی کۆلێژی پەروەردەی بنیات و بنەرت دەرچووانی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان دادەمەزرێن بەپێ ی پێویستی پەروەردەکان ، پێوەریش بۆ دامەزران و پێشبرکێ و دیاری کردنی شوێنی دامەزراندن بەرزترین نمرەی دەرچوونی پەیمانگا دەبێت

ج- هەروەها ئەم پیسپۆر و کۆلێژانەی لە خوارەوە دیاری کراوە دادەمەزرێن :

● کۆلێژی زانست گشت پسپۆرییەکان بەپێ ی پسپۆری پێویست و پێشبرکێی نمرەی دەرچوون.
● کۆلێژی پەروەردەی وەرزش بەپێ ی پسپۆری پێویست و پێشبرکێی نمرەی دەرچوون.
● کۆلێژی زمان(کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) زمانەکانی تر بەپێی پسپۆری پێویست و پێشبرکێی نمرەی دەرچوون.
● دەرچوانی کۆلێژی پەروەردە و ئەدەبیات پسپۆری (دەروون زانی و کۆمەڵناسی) دادەمەزرێن بە مامۆستا بە مەرجێك کاری توێژەری کۆمەڵایەتی بکەن لە قوتابخانە و خوێندنگاکان بەپێی پێویستی و پێشبرکێی نمرەی دەرچوون.
● کۆلێژی ئەدەبیات گشت پسپۆریەکان جگە لە (بەشی ڕاگەیاندن) بەپێ ی پسپۆری پێویست و پێشبرکێی نمرەی دەرچوون.
● کۆلێژەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەپێ ی پسپۆری پێویست و پێشبرکێی نمرەی دەرچوون.

• کۆلێژی هونەرەجوانەکان گشت پسپۆریەکان بەپێ ی پسپۆری پێویست و پێشبرکێی نمرەی دەرچوون.

• دەرچوانی کۆلێژەکانی پسپۆری کۆمپیوتەر بەپێ ی پسپۆری پێویست و پێشبرکێی نمرەی دەرچوون.

• پەیمانگاکانی کۆمپیوتەر و وەرزش و هونەرە جوانەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە کە ماوەی خوێندنیان (٥) ساڵە بەپێ ی پسپۆری پێویست و پێشبرکێی نمرەی دەرچوون.

• جگە لەو پسپۆریانەی لەسەرەوە دیاری کراون ناکرێن بە مامۆستای بنەرەتی ، بەڵام ئەگەر لە پەروەردە دوورەکان پێویست بوو دەرچوانی کۆلێژی پەروەردە و کۆلێژەکانی تر کە پسپۆری و نمرەکانیان گونجاوە بۆ مامۆستای ئامادەیی دەکرێت دادەمەزرێن لە قۆناغی بنەرەتی بەشێوەیەکی کاتی لە قوتابخانە و خوێندنگاکان تاکو پسپۆری پێویستی خۆی بۆ دابین دەکرێت.

* ئەوانە دادەمەزرێن نابێت (٧) ساڵ زیاتر بەسەر دەرچوونیاندا تێپەر بووبێت .

## ٣- چۆنیەتی دابەش کردنی مامۆستایان تازە دامەزراو بەسەر پەروەردەکان :

سەرەتا هەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەیەك پەروەردەی قەزاکانی دابەش دەکا بەسەر(٥) بازنە بەپێی ئەم فۆرمەی هاوپێچە ، دواتر مامۆستایانی تازە دامەزراو دابەش دەکرێن بەسەر پەروەردەکان بەپێی ئەم خشتەیەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە .

| | بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان | دانانی لە بازنەی | نمرەی دەچووی مامۆستای تازە دامەزراو | ماوەی خزمەت کردن لەو پەروەردەیە | ژمارەی خاڵەکان بۆ هەر ساڵێك خزمەت لەو پەروەردەیە |
|---|---|---|---|---|---|
| أ- | ب.پ. قەزا زۆر دوورەکان | ٥ | ٥٠ – ٦٥ | ٢ ساڵ | ٦ تا ٨ خاڵ بۆ هەر ساڵێك خزمەت |
| ب- | ب.پ. قەزا دوورەکان | ٤ | ٦٦ – ٧٥ | ٤ ساڵ | ٥ تا ٧ خاڵ بۆ هەر ساڵێك خزمەت |
| ج- | ب.پ. قەزا نیمچە دوورەکان | ٣ | ٧٦ – ٨٥ | ٥ ساڵ | ٤ تا ٦ خاڵ بۆ هەر ساڵێك خزمەت |
| د- | ب.پ. قەزا نزیکەکان | ٢ | ٨٦ - ١٠٠ | ٦ ساڵ | ٣ تا ٥ خاڵ بۆ هەر ساڵێك خزمەت |
| هـ- | ب.پ. قەزا لە سەنتەری پارێزگا | ئەوانەی ماوەی خزمەتیان لەو پەروەردانە تەواو کرد بەپێی ڕێنمایەکانی گواستنەوە و پێویستی ناو شار مافی ئەوەیان هەیە بگوازرێنەوە ناو شار بۆ هەر ساڵێك خزمەت (١) خاڵ هەژمار دەکرێت لە سەنتەری پارێزگا . | | | |

**بۆ نموونە:** ئەگەر یەکێك لە پێشبرکێ ناوی دەرچوو بۆ دامەزران نمرەکەی لە نێوان ٥٠ – ٦٥ بوو لە بازنەی (٥) دادەنرێ دەبێ لەوێ (٣) ساڵ خزمەت بکات ماوەی خزمەت لەو پەروەردەیە (٣) ساڵی خوێندنە وە ژمارەی خاڵ بۆ هەر ساڵێکی خزمەت لە (٦) خاڵ کەمتر نیە و لە (٨) خاڵ زیاتر نیە ، پێوەریش بۆ دانانی شوێنی دوور و نزیك لە سنووری ئەم پەروەردەیە بەرزترین نمرەی دەرچوون دەبێت واتە نمرەی بەرز بۆ شوێنی نزیك و نمرەی کەمتر بۆ شوێنی دوورتر دەبێت، بەڵام هەر پەروەردەی قەزایەك لەگەڵ سەنتەری شار بەپێی واقعی خۆی و هەڵکەوتەی جوگرافی خاڵ بۆ شوێنەکان دیاری دەکات لە ڕێگای لێژنەیەك بە مەرجێك دیاری کردنی خاڵەکان بۆ گوندەکان لە نێوان ئەو خاڵانە دەبێت کە بۆ هەر بازنەیەك دیاری کراوە، **بۆ نموونە** واتە لە پەروەردەی قەزا زۆر دوورەکان وەك بازنەی (٥) لە (٦) خاڵ کەمتر نەبێت و لە گوندە زۆر دوورەکان لە (٨) خاڵ زیاتر نەبێت، بۆ پەروەردەکانی تریش بەم شێوەی کە لە خشتەکەی سەرەوە ڕوونکراوەتەوە .

- دانیشتووی پەروەردەکانی بازنەی ( ٤ و ٥) و ئەو گوندانەی کە دووره دەستن لە بازنەی (٣) ئەگەر لە پێشبرکی دەرچوون ، باشتر وایە لە ناوچەی خۆیان دابمەزرێن بەبێ ڕەچاو کردنی نمرەکانیان کە لە خشتەکەدا هاتووە.
- ئەگەر ژمارەی دامەزراندن لە ژمارەی پێویست زیاتر بوو لە بازنەیەکی دیاری کراو دەبێ بەرزترین نمرەی دەرچوو بۆ بازنەیەکی خوار خۆی دابەزێت وە بەپێچەوانەوە ئەگەر دامەزران کەمتر بوو دەبێ نزمترین نمرەی دەرچوو بچێت ویان سەرکەوێت بۆ بازنەی سەروی خۆی .
- مامۆستا لە ڕەگەزی (مێ) بەر لە دامەزراندنیان هاوسەرگیریان کردوە ناویان لە پێشبرکێ دەرچووە بۆ دامەزرادن ڕەچاوی شوێنی دانشتنیان بکرێت لە یەکێك لەو بازنانەی کە توانای هاتووچۆ کردنیان هەبێت .
- دامەزراندن بۆ قۆناغی ئامادەیی/ بنەرەتی لەهەر قوتابخانە و خوێندنگایەك پێویستە بەشەوانەی شاغری تەواو هەبێت ئینجا مامۆستای بۆ دابمەزرێت.
- ئەگەر یەکێك مافی هەبێت لە بازنەی ٢ یان ٣ دامەزرێت ئارەزوومەندە ئەگەر خۆی داوا بکات لە بازنەکانی ٤ یان ٥ دابمەزرێت.

- هەر دەرچوویەك ناوی دەرچوو بۆ دامەزران بەر لە دەست بەكار بوونی دەبێ دۆسیەی بۆ ئامادە بكرێت وە دۆسیەكەی ئەم پێداویستیانە لە خۆ بگرێت :

١- داواكاری.

٢- رەگەز نامەی عێراقی .

٣- ناسنامەی باری شارستانی ( هويه أحوال المدنيه ).

٤- بروانامەی دەرچوون وێنەی رەسەن (نەك پشتگیری).

٥- پشكنینی پزیشكی.

٦- پشتگیری لە بەشی نەهێشتنی تاوان (ادلة جنائية).

٧- كارتی زانیاری و شوێنی دانیشتنی.

٨- ژمارەی مۆبایل.

٩- بەڵێن نامە كە خزمەت بكات بۆ ماوەی ئەو ساڵانەی كە لە بازنەكە دیاری كراوە كە داوای گواستنەوە نەكات تەنها لە حاڵەتی پێكهێنانی هاوسەرگیری و نەخۆشی نەبێت .

١٠- وێنەیەك لە فەرمانی وەزاری و فەرمانی كارگێری دامەزرانی.

١١- بەڵێن بدات كە لە هیچ دام و دەزگایەكی حكومی كار ناكات و مووچە وەرناگرێت و پێشتر كاری نەكردوە. (جگە لەوانەی بە فەرمانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران مافیان هەیە دوو مووچە وەربگرن) .

- فەرمانی كارگێری هەرمامۆستایەك دەبێت وێنەیەكی بدرێتە وەزارەت لەگەڵ فەرمانی دەست بەكار بوونی.
- هەروەها مامۆستایەك فەرمانی دامەزراندنی دەرچوو لە دوای مانگێك دەست بەكار نەبوو بەبێ هۆ ناوی بەرزبكرێتەوە بۆ وەزارەت بۆ هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی دامەزراندنی.
- مەبەست لەو ماوانەی خزمەتی دیاری كراو لە هەر بازنەیەك ئەوەندە ساڵەی خوێندنە ، ئەگەر پێش ( ١ / ١ )ی ئەو ساڵە دەست بەكاربوو بە ساڵی خوێندن هەژمار دەكرێت ، بەپێچەوانەوە دوای ئەو بەرواره بە ساڵی خوێندن هەژمار ناكرێت .
- سەبارەت بە دامەزراندن و گواستنەوە بەرپرسی میلاك لە هەر پەروەردەیەك دەبێ تۆمارێكی تایبەت هەبێت كە ناوی قوتابخانە و خوێندنگا و ژمارەی مامۆستایان و قوتابیان خوێندكاران ژمارەی هۆبە و بەشەوانەكانی

تێدا دیاری کرابێت ، هەروەها ئەم تۆمارە کاری لەسەر بکرێت وە گشت زانیاری بەم قوتابخانەی لە خۆ گرتبێ، ئەم تۆمارە هەموو کات رووبەرووی پشکنین دەبێتەوە لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە و وەزارەت و لە کەم و کورتیش بەرپرسی میلاك بەرپرسیارە .

## ٤- گواستنەوەی مامۆستایان لە پەروەردەیەك بۆ پەروەردەیەکی تر :

- مامۆستا مافی گواستنەوەی دەبێت کە لە پەروەردەیەك بۆ پەروەردەیەکی تر دوای تەواو کردنی ماوەی خزمەتی لە بازنەی خۆی .
- مامۆستا لە رەگەزی مێ دامەزراو ئەگەر لەناو ساڵی خوێندن هاوسەرگیری کرد ئەوا پاش کۆتایی هاتنی خوێندن مافی گواستنەوەی دەبێت بۆ شوێنێك کە بتوانێت هاتووچۆ بکات بۆ شوێنی دانیشتنی لەو بازنەیەی کە لێ دادەنرێت بە پێ ساڵانی خزمەت لە بازنەکە لە دەرەوەی شار دەبێ درێژە بە خزمەت بدات دوای تەواو کردنی ماوەی خزمەتی دەرەوەی شار مافی گواستنەوەی دەبێت بۆ سەنتەری شار بەپێی پێویستی و لە ئەنجامی پێشبرکێ.
- مۆڵەتی دایکایەتی و مۆڵەتی بێ مووچە و تەنسیب بۆ مەبەستی گواستنەوە هەژمار ناکرێت بەڵکو دەبێت لە هەر بازنەیەك بێت مامۆستا خزمەتی فعلی بکات واتە لە ٣ ساڵ کەمتر نەبێت لە پەروەردە دوورەکان و لە ٦ ساڵ کەمتر نەبێت لە پەروەردە نزیکەکان.
- مۆڵەتی خوێندن بۆ مەبەستی گواستنەوە هەژمار ناکرێت واتە دوای تەواو کردنی مۆڵەتی خوێندن دەبێ بگەرێتەوە شوێنی پێویست لە پەروەردەی خۆی تاکو خزمەتی فعلی لەدەرەوەی شار تەواو دەکات .
- مامۆستای تازە دامەزراو ناگوازرێتەوە لە پەروەردەیەك بۆ پەروەردەیەکی تر وە لە پارێزگایەك بۆ پارێزگایەکی تر بە هەر هۆیەك بێت ئەگەر ماوەی ساڵێك خزمەتی فعلی نەکردبێ و جێگیر نەبووبێت لە وەزیفە ، جگە لەو مامۆستایانەی رەگەزی مێ هاوسەرگیری دەکەن لە کۆتایی ساڵی خوێندن دەتوانن بگوازرێنەوە.
- ئەوانەی فەرمانبەرن لەسەر میلاکی وەزارەتی پەروەردە بروانامە بە دەست دەهێنن ئەگەر پسپۆریەکانیان گونجاو بێت بۆ مامۆستایی بەپێی رێنماییەکان دەبێت چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکرێت ، کە شیاون بۆ مامۆستایەتی یان نا ، دڵنیابن لە بروانامەکانی پێشوو و ئیستای ئینجا داوای گۆرینی ناونیشانی بۆ بکەن وە

بەمەرجێك راژەکەی بگوازرێتەوە بۆ پەروەردەیەکی دەرەوەی شار وە ماوەی خزمەتی دەرەوەی شار تەواو بکات لەو بازنەیەی کە لێ ی دادەنرێت وە بەشداری خولی شیاندنی مامۆستایان بکات ئەگەر دەرچووی کۆلێژی پەروەردە نەبێ .

- ئەوانەی لە وەزارەتەکانی تر داوای گواستنەوە دەکەن بۆ سەر میلاکی وەزارەتەکەمان بۆ کاری مامۆستایی، سەرەتا دەبێ دڵنیابن لە بڕوانامەکەی و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکرێت بەپێی رێنمایەکان پسپۆری و کەسایەتی گونجاوە بۆ مامۆستایی یان نا ، ئینجا شوێنی بۆ دیاری بکەن ، بەپێی فۆرمی ژمارە (٦) تایبەت بە گۆڕینی ناونیشان کە پێشتر پەیرەو کراوە دەبێت لە دەرەوەی شار شوێنی پێویست خزمەت بکات ، بەشداری خولی شیاندنی مامۆستایان بکات ئەگەر دەرچووی کۆلێژی پەروەردە و بنیات نەبوو ، ماوەی خزمەتی دەرەوەی شار تەواو بکات بەپێی ئەو بازنەیەی لێ ی دادەنرێت ، هەروەها دۆسیەکەی تەماشا دەکرێت ئەگەر کەم و کورتی هەبوو دەست بەکار بوونی نانوسرێ تاکو تەواوی دەکات بەپێچەوانە فەرمانی گواستنەوەی هەڵدەوەشێتەوە .
- گواستنەوە لە نێوان بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان لە دەسەڵاتی بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا دەبێت بەپێی رێنمایەکان و دوای رەزامەندی هەردوولا بە هەماهەنگی لە نێوان هەموو لایەنەکان.
- گواستنەوە لە چوار چێوەی یەك پەروەردە بەپێی پێویستی پسپۆری و پێشبرکێ دەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرپەرشتیاری پسپۆری پەروەردەیی .
- ئەگەر پەروەردەی ناوشار مامۆستای پێویست نەبوو ئەوا ئەو مامۆستایانەی دەگوازرێنەوە لە بازنەیەکی نزیك دادەنرێن کە پێویستی پێ هەبێ .
- ئەو شاغرانەی لە دەورووبەر پەیدا دەبن بەرێگای گواستنەوە پڕ بکرێنەوە .
- ئەو مامۆستایانەی خزمەتی دەرەوەی شاریان تەواو نەکردووە دەبێ خزمەتی دەرەوەی شار تەواو بکەن بەپێی رێنمایەکان .

**دامەزران و گواستنەوە و گۆڕینی ناونیشان بە پێ لیژنە دەبێت بۆ قۆناغی ئامادەیی و بنەڕەتی بەم شێوەیەی خوارەوە:-**

### ١- لیژنەی دامەزراندن لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان پێکدێت لە:

أ- بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگا ( سەرۆك)

ب- یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی کارگێری (ئەندام)

جـ - بەرێوەبەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی و دڵنیایی جۆری لە ب. گشتی پەروەردە (ئەندام)

د- بەرێوەبەری خۆیەتی و میلاك (ئەندام)

هـ - بەرپرسی خۆیەتی ئامادەیی / بنەڕەتی (سکرتێری لیژنە)

ئەم لیژنەیە کاری ئەوە دەبێت دوای دەرچوونی ناوی مامۆستایان بۆ دامەزراندن چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکات و لەراستی و دروستی دۆسیەکەی و ئەو زانیاریانەی کە پێشکەشی کردووە بکۆڵنەوە وە دوایی دڵنیابوون لەوەی کە کەسێکی شیاوە بۆ مامۆستا وە سوود لەخزمەتی وەردەگیرێ بەپێی رێنماییەکان دابەشیان دەکات لەهەر بازنەیەك پەروەردەیان بۆ دیاری بکات بەپێ ی پێویستی پەروەردەکە بە پسپۆری و ژمارەی مامۆستا.

### ٢- لیژنەی گواستنەوە لە ب.گ.پەروەردەکان پێك دێت لە:

١- بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگا ( سەرۆك)

٢- یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی کارگێری (ئەندام)

٣ - بەرێوەبەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی و دڵنیایی جۆری لە ب. گشتی پەروەردە (ئەندام)

٤- بەرێوەبەری خۆیەتی و میلاك (ئەندام)

٥- بەرپرسی خۆیەتی ئامادەیی / بنەڕەتی (سکرتێری لیژنە)

٦- نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان (چاودێر)

ئەم لێژنەیە دوای ئەوەی کە فۆرمی گواستنەوەی مامۆستایانیان بەدەست گەیشت وەك سالآنی پێشوو پەیرەوکراوە دوای دڵنیابوون لە سالآنی خزمەتی و پێویستی پسپۆریەکەی و هەبوونی شاغر لەو پەروەردە (شوێنەکەی کە داوای کردووە) لەئەنجامی پێشبرکێ لەنێوان مامۆستایان بەلیست فەرمانی کارگێری گواستنەوەیان بۆدەردەکەن.

**٣- لێژنەی گۆرینی ناونیشان لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە پێك دێت لە:-**

١- ی. بەرێوەبەری گشتی کارگێری (سەرۆك)

٢- بەرێوەبەری خۆیەتی و میلاك (ئەندام)

٣- بەرپرسی خۆیەتی ئامادەیی / بنەرەتی (ئەندام)

أ- ئەم لێژنەیە کاری ئەوە دەبێت ئەو فەرمانبەرانەی کە کۆلێژ تەواو دەکەن وەیان ئەو داواکاریانەی لە وەزارەتەکانی تر بۆیان دێت بەپێ ی رێنماییەکان پسپۆریەکانیان گونجاوە بۆ مامۆستایی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکەن و لە دەرەوەی شار شوێنی پێویست پەروەردەیان بۆ دیاری دەکەن بەپێ ی فۆرمی ژمارە (٦) کە پێشتر پەیرەوکراوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکەن دوای ئەوەی کە دڵنیا دەبن کە کەسایەتیەکەی گونجاوە بۆ مامۆستایەتی داواکاریەکەی رەوانەی وەزارەتی پەروەردە دەکەن بۆ مەبەستی گۆرینی ناونیشانی دوای رەزامەندی و دەرچوونی فەرمانی وەزاری بەگۆرینی ناونیشانی دەبێ راژەکەی بگوازرێتەوە بۆ قوتابخانەکی دەرەوەی شار بەبێ ئەوەی رەچاوی سالآنی خزمەتی وەزیفی بکرێت وەکو مامۆستای تازە دامەزراوو بۆ مەبەستی گواستنەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت وە تاخزمەتی دەرەوەی شار تەواو نەکات بەپێ ی رێنماییەک نابێ بگوازرێتەوە ناوشار.

ب- ئەو مامۆستایانەی کە داوای گۆرینی ناونیشان دەکەن بۆ فەرمانبەری ئەگەر هۆکاری تەندروستی نەبێ و لێژنەی پزیشکی پشتگیری نەکات کە ناتوانێ کاری مامۆستایی بکات نابێ داواکەیان بەرز بکەنەوە وە ئەگەر ناونیشانی گۆرا بۆ فەرمانبەری نابێ لە قوتابخانە بمێنێتەوە بەڵکو دەبێ راژەکەیان بگوازرێتەوە بۆ فەرمانگەیەك کە کاری ئیداری بکات.

## ٤- لێژنەی دامەزراندن لە پەروەردەی قەزاکان پێک دێت لە:-

١- بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا (سەرۆك)

٢- سەرپەرشتیار یەکەمی پەروەردەی و دڵنیایی جۆری (سەرۆك)

٣- لێپرسراوی خۆیەتی و میلاك لە پەروەردە (ئەندام)

٤- فەرمانبەری تایبەتی خۆیەتی ئامادەیی / بنەڕەتی (ئەندام)

ئەم لێژنەیە کاری ئەمە دەبێت ئەو مامۆستایانەی کە تازە دادەمەزرێن دوای ئەوەی دووبارە تاکید لە دۆسیەکەیان دەکەنەوە کە تەواوە، دابەشیان دەکەن بەسەر قوتابخانەو خوێندنگاکانی پەروەردەکە وە وەپێوەریش بەرزترین نمرەی دەرچوون دەبێت بۆ دیاری کردنی شوێنی دوورو نزیك لەسنووری پەروەردەکەی ، وە لە دەست بەکاربوون و دەست بەکار نەبوونیان ب. گشتی پەروەردە ئاگادار دەکەنەوە وە لە دوای ٣٠ رۆژ ئەوانەی دەست بەکارنەبوون ناوەکانیان رەوانەی ب. گشتی پەروەردە دەکرێت بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی بۆ وەزارەت وە هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی دامەزراندنیان.

## ٥- لێژنەی ووردبین کردن و هەڵسە نگاندنی فۆرمی گواستنەوەی مامۆستایان لە پەروەردەی قەزا پێک دێت:-

١-سەرپەرشتیارێکی پسپۆری کارگێری (سەرۆك)

٢-لێپرسراوی خۆیەتی و میلاك لە پەروەردەی قەزا (ئەندام)

٣-فەرمانبەری تایبەتی خۆیەتی ئامادەیی / بنەرەتی (سکرتێری لێژنە)

٤-فەرمانبەرێك لە دۆسیەکان (ئەندام)

ئەم لێژنەیە کاری ئەوە دەبێت دۆسیەی سەرجەم ئەم مامۆستایان ووردبین بکات کە داوای گواستنەوەیان کردوە بە پێ ی رێنمایی هەژمارکردنی ساڵانی خزمەت و خاڵەکانی پێشبڕکێ بۆ گواستنەوە دیاری بکات لەسەر فۆرمەکە وە ووردەکاریەکانی ناو دۆسیەکەی وەك رێزو سوپاس و چالاکی و خول کە مامۆستا بە دەستی هێناوە لەسەر ئەم فۆرمە دیاری بکرێت کە مامۆستا پێشکەشی کردووە بۆ گواستنەوە وە ماف گواستنەوە و نە گواستنەوەی بە پێ ی رێنمایەکان دیاری بکات و ئەو مامۆستایانەی کە ماف گواستنەوەیان هەیە بەبێ خاڵبەندی فۆرمەکانیان ڕا دەستی لێژنەی گواستنەوە بکەن لە پەروەردەی قەزا .

## ٦ - لیژنەی گواستنەوە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان پێک دێت لە:-


١- بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا (سەرۆک)
٢- سەرپەرشتیار یەکەمی پەروەردەی و دڵنیایی جۆری (ئەندام)
٣- لێپر سراوی خۆیەتی ومیلاك لە پەروەردەی قەزا (ئەندام)
٤- فەرمانبەری تایبەتی خۆیەتی ئامادەیی / بنەرەتی (سکرتێری لێژنە)
٥- نوێنەری یەکێتی مامۆستایان (چاودێر)

ئەم لێژنەیە کاری ئەوە دەبێت کە فۆرمی ئەم مامۆسایانەی کە مافی گواستنەوە یان هەیە بە دەستیان گەیشتۆتە لە لایەن لێژنەی ووردبین کردن و هەڵسەنگاندنی فۆرمی مامۆستایان دووبارە ووردبین بکەن بە پێی ڕێنمایەکانی گواستنەوە دوای دڵنیابوون لە ساڵانی خزمەتیان ئەوانەی داوای گواستنەوە دەکەن بۆ پەروەردەیەکی تر ناوەکانیان ڕەوانەی ب.گ. پەروەردە بکرێت وە ئەوانەی داوای گواستنەوە دەکەن لەسنوری هەمان پەروەردە بەپێ ی و پێویستی دوایی ئەنجامی پێشبرکێ کاری پێویستیان بۆ ئەنجام بدەن .

- گواستنەوەی مامۆستا لە ئامادەیی بۆ بنەرەتی وە بەپێچەوانەوە لە سنوری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزایەك لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری پەروەردە دەبێت بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و دڵنیایی جۆری بە شێوەی (دانانی کاتی) (تنسب ) دەبێت بەپێ ی پێویستی پسپۆری .
- سەرجەم ئەم لێژنانە بۆ یەك ساڵی خوێندن دەبێت وە ساڵانە نوێ دەکرێتەوە.

- ئەو ڕێنماییانەی بەر لە ئێستا تایبەت بە دامەزران و گواستنەوە و گۆڕینی ناونیشان دەرچوون ، ئەگەر هەر خاڵێکی ناکۆك بوو لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە کاری پێناکرێت .

<u>تێبینی</u> // لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنمایانە ئەگەر هەر کێشەو ئاستەنگێک هاتە بەردەمتان دەتوانن بە نوسراوی فەرمی ئاگادارمان بکەنەوە بۆ مەبەستی چاوپێخشاندنەوە بە ڕێنماییەکان .


ماوەی خزمەت لەوپەروەردەیە ٤ سال.
ماوەی خزمەت لەوپەروەردەیە ٦ سال.
نمرە ٧٦-١٠٠
نمرە ٦٦-٧٥
٣ خاڵ
٥ خاڵ
٥ خاڵ
٧ خاڵ
1
2
4

هەرێمی کوردستـــان - عێراق
ئـــەنجومـــەنی وەزیـــران
وەزارەتـــی پـــەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی
بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی ئامادەیی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Education

إقليم كوردستان - العراق
مجلـس الـوزراء
وزارة التـربيـة
المديرية العامة للتعليم الإعدادي
مديرية التعليم الأعدادية

ژمارە: ١٨٣٥٩
ڕێکەوت: / گەلاوێژ/٢٧١٣ کوردی ٢٥

No:
Date: ٢٠١٣/ ٩/١٦

**بۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر – سلێمانی – دهۆك – گەرمیان – بەشی خوێندنی کوردی کەرکوك**

**ب / ڕێنمایی**

دوابەدوای ڕێنماییەکانمان ژمارە (١١٠٩٣) لە ٢٠١٣/٦/٥ .

وە ئاماژە بە کۆنووسی بەڕێوەبەرە گشتییەکانی دیوانی وەزارەت لە بەرواری ٢٠١٣/٨/٢٢ دوای دووبارە تاوتوێ کردنەوەی ڕێنماییەکانی تایبەت بە دامەزراندن و گواستنەوە و گۆڕینی ناونیشان ئەم خاڵانەی خوارەوە بەم شێوەیە هەموار دەکرێتەوە :-

١. سەبارەت بە دەرچووانی کۆلێژی پەروەردەی بەشی دەروونزانی و کۆلێژی ئەدەبیات بەشی کۆمەڵناسی مافیان هەبێت وەك فەرمانبەر بۆ ڕابەری پەروەردەی و توێژەری کۆمەڵایەتی دابمەزرێن بە پێی پێویستی میلاك ، بەڵام ناکرێت وەك مامۆستا دابمەزرێن لەبەر ئەوەی لە خشتە و پرۆگرامەکانی خوێندن هیچ بابەتێك نیە تایبەت بەم پسپۆریە بۆیە ئەوان ئەرکیان جیاوازە لەگەڵ ئەرکی مامۆستایان .

٢. سەبارەت بە گواستنەوەی مامۆستایانی تازە دامەزراو لە ڕەگەزی مێ ئەگەر لە ناو ساڵی خوێندن هاوسەرگیری کرد ئەوا پاش کۆتایی هاتنی ساڵی خوێندن مافی هەیە داوای گواستنەوە بکات بۆ شوێنێك کە بتوانێت هاتووچۆ بکات بۆ شوێنی دانیشتنی هاوسەرەکەی بەمەرجێك لە شوێنی خۆی شاغر بەجێ نەهێڵێ وە ئەم شوێنەی کە بۆی دەچێ پێویستی پێ هەبێت وە هەروەها سەبارەت بەم مامۆستایانەی لە ڕەگەزی مێ کە خێزاندارن ناویان لە پێشبرکێ دەردەچێ بۆ دامەزران مەرج نییە ئەو شوێنەی ئەوان داوای دەکەن لێ دابمەزرێن بەڵکو بەپێی پێویستی و بەرژەوەندی گشتی دەبێت .

ب.ف. ئامادەیی / کریم لطیف
بژار // ٢٠١٣/٩/٩

هەرێمی کوردستـــــان - عێراق
ئـــەنجومـــەنی وەزیـــران
وەزارەتــــی پــــەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی ئامادەیی
بەڕێوەبەرایەتی فێرکردنی ئامادەیی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Education

إقليم كوردستان - العراق
مجلـــس الـــوزراء
وزارة التـــربيـة
المديرية العامة للتعليم الإعدادي
مديرية التعليم الأعدادية

No:
Date: ٢٠١٣/٩/١٦

ژمارە: ١٨٢٠٩
ڕێکەوت: ٢٦گەلاوێژ/٢٧١٣ کوردی


٣. دەرچووانی بەشی ( زانستە پەروەردەیی و کارگێرییەکان) لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆکانی هەرێم ، کە وەکو ڕابەری پەروەردەیی لە قوتابخانە و خوێندنگاکان دامەزراون ، دەتوانن بەشداری کێبرکێ بن بۆ بەڕێوەبەر و یاریدەدەری قوتابخانە و خوێندنگاکان بەپێی پێوەرەکانی پەیروکراو، بەندی (١٥ و١٦) لەسیستەمی قوتابخانە بنەرەتیەکان، بەندی (١٢ ) لە سیستەمی خوێندنگە ئامادەییەکان، تکایە بەوردی کاری تیادا بکەن.. لەگەڵ ڕێزدا

د.عصمت محمد خالد
وەزیری پەروەردە

وێنەیەک بۆ :-
- نووسینگەی تایبەت / لەگەڵ ڕێزدا .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە / ( ) ... لەگەڵ ڕێزدا.
- ب.گ. فێرکردنی بنەرەتی و باخچەی ساوایان / لەگەڵ هاوپێچ ... لەگەڵ ڕێزدا .
- ب. میلاکات . لەگەڵ ڕێزدا .
- ب. فێرکردنی ئامادەیی / لەگەڵ هاوپێچ .
- خولاو .

بژار // ٢٠١٣/٩/٩